تەم باراك پەیامێکی لەبارەی ڕکەوتنەکەی هەسەدە و دیمەشقەوە بڵاوکردەوە



تەم باراك نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سوریا، ئەمڕۆ هەینی پەیامێکی لەبارەی ڕکەوتنەکەی ئەمڕۆی هەسەدە و حکومەتی دیمەشق یڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، ڕکەوتنەکەی هەسەدە و حکومەتی سوریا بەوردی دانوستانی لەسەرکراوە و تێکەڵکردنەوەی قۆناغ بەقۆناغ لەخۆدەگرێت .

تەم باراك لەپەیامەکدا ووتی، "ئاگەیاندنی ئەمڕۆی ڕێککەوتنی هەمەلایەنەی نێوان حکومەتی سوریا و هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) نوێنەرایەتی وەرچەرخانێکی قوڵ و مێژویی لەگەشتەکەی سوریا بەرەو ئاشتەوایی نیشتمانی و یەکێتی و سەقامگیری هەمیشەیی دەکات، ئەم هەنگاوەش بەوردی دانوستان کراوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، "بۆ حکومەتی سوریا، ئەم ڕێککەوتنە خۆبەخشییەکی چەسپاو بۆ هاوبەشی نیشتمانی ئاستەقینە و حوکمانی گشتگیر نیشاندەدات، بۆ ئاسانکاری بۆ یەکخستنی قۆناغبەندی پڕکهاتەی سەربازی، ئەمنی و کارگێڕی لەڕێگەی دامەزراوە یەکگرتووەکانی دەوڵەتدا، لەڕێ

هەمانکاتدا دنیابون لەوەی نونەرانی باڵای هەسەدە دەرفەتیان هەیە بۆ بەشداریکردن لە ئاستە بەرزەکاندا، ئەو بنەمایەش دوپاتدەکاتەوە کە هێزی سوریا لە ئامێزگرتنی هەمەجۆریی و مامەڵەکردن لەگەڵ خواستە هەواکانی هەمو گەلەکانیدا سەرهەڵدەدات، ئەمەش پەیامێکی ئونی کراوەیی و دادپەروەری بۆ کێمەڵگەی نێودەوڵەتی دەنێرێت".

ئەوەشیخستەڕو، "بۆ گەلی کورد کە قوربانیدانی زۆری داوە و ڕۆڵی سەرەکیی لە بەرگریکردن لە سوریا لە بەرامبەر توندڕەوی و پاراستنی دانیشتوان بینیوە، ئەم ساتەوەختە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، هەنگاوێکی گرنگانکاری گەورەیە بەرەو یەکسانی و سەربەخۆیی، ئەم ڕۆوشوێنانە نادادپەروەرییە درێژخایەنەکان ڕاستدەکەنەوە، پێگەی کوردەکانیش لەناو نەتەوەی سوریادا دوپاتدەکەنەوە و ڕێگاکان بۆ بەشداریکردنی تەواویان لە داشتنی داهاتویەکی دنیا و خۆشگوزەران و گشتگیردا دەکەنەوە".

ت

تەم باراك لە لێدوانەکەیدا راشیگەیاند، "بەم ڕێحی ئامانجە هاوبەشە، هەردولا هەنگاوی بوێرانەیان ناوە، حکومەتی سوریا لە درێژکردنەوەی گشتگیری و مافە مانادارەکان، هەروەها پێکهاتە کوردییەکان لە ئامێزگرتنی چوارچێوەیەکی یەکگرتو کە ڕێز لە بەشداریپێکانیان بگرێت و لە هەمانکاتدا بەرژەوەندی گشتی بەرەوپێش دەبەن".

ت

ڕونیشیکردەوە، "ئەم پێشهاتانە پێکەوە زەمینە بۆ ئاوەدانکردنەوەی دامەزراوەکان و گەڕاندنەوەی متمانە و هاکشانی وەبەرهێنانی پێویست بۆ ئاوەدانکردنەوە و دەستەبەرکردنی ئاشتییەکی هەمیشەیی بۆ هەمو سوریپەکان خشدەکەن، سوریا بە یەکگرتویی کە لە ڕۆگەی دیالۆگ و ڕێزەوە دروستبوە، ئامادەیە شوێنی شایستەی خۆی وەك چرایەکی سەقامگیری و هیوا لە ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکە وەربگرێتەوە".

ت